

# لێدوانی سەرکردەکان

"سیاسەت درێژەپیدانی جەنگە، بەڵام بە شێوازیکی دی"   میشێل فۆکۆ

ڕێبین هەردی دەینووسێت

● لە کۆمەڵگایەکی هاوچەرخو ئاڵۆزدا کە زیاد لـــــــە هێزو گروپێکی کۆمەڵایەتییو ئایینیی جیاوازو هەمەڕەنگ دەژین، نـــــــاکۆکی نێوان ئەو گروپو هێزانە قەدەرێکی هـــــــــەمیشەیی ژیانی هەموو ئەم کۆمەڵگا هاوچەرخانەیە. کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ نادۆزیتەوە ئەو چوونیەکییو تەبابیە هەمیشەییەی تیا بێت کـــــــــــــە خەسڵەتی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانە. هەر ئەم جیاوازیەش وادەکات ستراتیژی سیاسەت لـەم دوو کۆمەڵگایەدا بە دوو ئاڕاستەی جیاواز کاربکات. ئەگەر ستراتیژی سیاسەت لـــــە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا وەك بیار کلاستەر دەڵێت بریتییێت لە دژایەتیکردنو ڕێگەگرتن لە دروستبوونی ناکۆکی، ئەوا لەکۆمەڵگای هاوچەرخدا، سیاسەت بریتییە (یان ڕاستر دەبێت بریتیبێت) لە هونەری بەڕێوەبردنی ناکۆکی. لە یەکەمیاندا ناکۆکی لە بنەڕەتەوە نییەو کاری سیاسەتیش هەوڵدانە بۆ پاراستنی ئەم نەبوونییە، لە دووهەمیاندا ناکۆکی بە ناچار هەیەو کاری سیاسەتیش دەبێت بریتیبێت لە ڕێکخستنو ئاڕاستەکردنی بە جۆرێك کە توانای پێکەوەهەڵکردنیان هەبێت.

لە کویێ ناکۆکی هەبێت، هەر لەوێش سیاسەت هەیە. واتە هەرکات قسە لە سیاسەت دەکەین، لە هەمانکاتدا بەشێوەیەك لە شێوەکان قسە لە ناکۆکی دەکەین. سیاسەت بواری ململانێی ناکۆکییە، وەك چۆن بواری ململانێی گوتارە. "سیاسەت درێژەپێدانی جەنگە، بەڵام بە شێوازێکی دی". مادام سیاسەتیش بواری جەنگو ململانێ بێت، ئەوا هەموو گەمەکەرەکانی ناوی، ئەو تەکنیكو ئامێرانە بەکاردەهێنن کە وەك گەمەکەرێکی سەرەکی لەناو گەمەی سیاسەتدا دەیانهێڵێتەوە. هیچ گەمەکەرێکی سیاسیی کارا نییە وتەیەك یان قسەیەك یان کردارێك ئەنجامبدات کە لایەنیکەمی حسابی بۆ دەرەئەنجامەکانی نەکردبێت. سیاسەت جێگەی وتاربێژی حەماسییو قسەی قەبەو هەڕەشەی گەورە نییە، لە دۆخێکدا کە لایەنیکەمی هێزو دەسەڵاتت لەبەردەستدا نەبێت کە توانای بەرگریی لەبەردەم ئەگەری ئەو هەڕەشانەدا هەبێت کە دەشێت ئەو قسە حەماسییەکان بیوروژێنن. هەروەها سیاسەت جێگەی ئاشکراکردنی ئەو ئارەزوو و خەونە بەرزەفڕانەش نییە کە  دەشێت درکاندنیان لەلایەن گەمەکەرێکی سیاسییەوە، ختوکەی خەونو خەیاڵی  سیاسیی خەڵکی ناوخۆی بدات، لە دۆخێکدا لایەنیکەمی  ئامادەیت بۆ نزیکبونەوە، لەو  خەونە نەبێت.

کاتێك ئەم قسانە دەنووسم، چاوم لەسەر ئەو لێدوانو قسانەیە کە بێ هیچ هۆیەکی دیاریکراو، سەرکردە کوردەکان لەبارەی مافی خەڵکی کوردستانەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەت دەیدەن. ئەو لێدوانانەی کە هەمیشە بەدوای خۆیاندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك هەڕەشەی دەرەکیو ناوەکیمان دەکەنەوەو جگە لە وروژاندنی تەوژمە ناسیۆنالیزمەکانی دەوروپشتمان، هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆیان نابێت. هەر لەو ماوەیەی پێشوودا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا، دووبارە ئارەزووی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی هێنایە ئاراوەو بەمەش جارێکی دی ناسیۆنالیزمە توندڕەوەکانی تورکیایی دژی داوا ڕەواکانی کورد وروژاندەوە. ئەو تەنگژەیەی کە لەناکاو لەنێوان تورکیاو کوردستانی عێراقدا دروستدەبێت، چەند دەکەوێتە ئەستۆی فاشیزمی تورکی، هێندەش دەکەوێتە سەرشانی ئەم لێداوانە نابەرپرسیارانە. ئەم لێدوانانە لە چەند ڕوویەکەوە هەڵەنو دەبێت سنوورێکیان بۆ دابنرێت کە لێرەدا هەندێکیان دەهێنمەوە:

١) هەڵەیە قسەیەك بکرێت کە لە ڕووی عەمەلییەوە لایەنیکەمی ئامادەییت بۆ نییەو توانای بەرگریکردن لە وتەکەت نییە.

٢) ئەم لێدوانانە تەنها هەڵوێستی ئەو ناسیۆنالیزمە توندڕەوانە بەهێزدەکات کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کوردەکان لەژێرەوە کار بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دەکەن.

٣) ئەم لێدوانە بەرزەفڕانە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو هێزە لاوازو قەبارە بچوکەی کوردا یەکناگرێتەوە کە بێگومان بەرگەی شەڕێکی گەورە لەگەڵ هیچ هێزێکی ناوچەییدا ناگرێت.

دیارە ڕەنگە کەسانێك هەبن، قەبارەو هێزی کوردی زۆر لە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی بەگەورەتر بزانن. کەسانێك هەن بەم هەلومەرجە کاتییەی عێراق هەڵدەخەڵەتێنو پێیانوایە مادام کورد لە هاوکێشەکانی ململانێی ناوخۆی عێراقدا، هێزێکی کاریگەرە، ئەوا ئەمە بە مانای ئەوەیە؛ ئەمڕۆ کورد یەکجار بەهێزەو دەتوانێت زۆر زیاتر لە داواکانی هەنووکەیی هێزە کوردییەکان هەنگاوبنێت، بەڵام ئەم وێنا هەڵخەڵەتینەرە ناتوانێت ڕاستیی لاوازیی هێزە کوردییەکان بشارێتەوە. لاوازییەك کە هەستدەکەم بەهیچ شێوەیەك توانای بەرەنگاریی هیچ سەرەولێژبوونەوەیەکی سیاسیی ناگرێت. بۆ هەموو  هێزێکی سیاسیی دوو پێوانەی سەرەکیی بۆ هێز هەیە کە هێزە کوردییەکان وەك پێویست خاوەنی هیچیان نین:

١) هێزی سەربازییو توانای تەکنەلۆژیی سەربازیی، ئەم هێزە کە بەهیچ شێوەیەك بەرانبەر بەو توانا سەربازییە گەورەیەی ناحەزانی نییە.

٢) گەمەکەرێکی سیاسیی، بە بەهێزو کاریگەرو حساب بۆ کراو دادەنرێت کە پشتگیرییەکی ڕاستەقینەیان لەلایەن خەڵکی خۆیەوە هەبێت، بەتایبەتی لە دۆخە قەیراناوییەکاندا، بەڵام ئەدای بێئەندازە خراپی گەمەکەرە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق، هێندە خەڵکی لەم هێزانە ڕەنجاندووە کە پێشبینی ناکرێت لە هیچ سەرەولێژبوونەوەیەکدا، پشتگیرییەکی جدییان لێبکەن.

لێرەوە هەستدەکەم ئەم لێدوانانە زۆر نابەرپرسیارانەنو کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی کۆمەڵێك هەڕەشە دەکەنەوە کە بەڕاستی توانای ڕووبەڕووبوونەوەیمان نییە. لێرەوە ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە، ڕێگە لەم لێدوانە نابەرپرسیارانە بگرێتو سنوورێکی بۆ دابنێتو ڕێگەنەدات هەندێك سەرکردە  بۆ  میزاجو موزایدەی سیاسیی خۆیان، کوردستان ڕووبەڕووی تەنگژەیەك بکاتەوە کە توانای بەرەنگاریی لەبەردەمیدا نییە.

سەردەمانێك حاجی قادری کۆیی گوتبووی:

حاجی کەسێکە بێکەس، بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ

گوێی لێدەگرن زەریفە، ناگرن بەڵا لە خۆتان.